www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:03 20-7-2007

خاڵی هاوبەش... مەریوان مەلا حەسەن

ماوەیەك بەر لەئێستا دەنگۆی كۆنگرەیی پارێزەران و هەڵبژاردنی دەستەی نوێی ئەنجومەنی سەندیكایی پارێزەران بەشێوەیەكی زۆر بەر بڵاو بوو لەكەناڵە جیاجیاكانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی كوردستان، وە بەوردەكاری ئاگاداریی ئەوە بووین كە لایەنەكانی نێو سەندیكا هیچ كامیان ئەوی تریانی قبوڵ نیەو دەیەوی زۆرترین دەسەڵات بۆ خۆی مسۆگەر بكات لەنێو سەندیكا، دیارە ئەوەی بەدی دەكرا هیچ كام لەلایەنەكانیش دڵنیا نەبوون لەبردنەوە لە هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان بۆیە دیار بوو گەیشتنە بڕوایەك بۆ ئەوەی كەس نەدۆڕی و نەبراوە بێت پێیان باش بوو ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەكی تەوافق بەڕێوەببەن و ئەوە بوو تەوافوق كراو لیستی هاوبەش دروست بوو لەسەر حسابی بنەماكانی دیموكراسی و پرۆسەی دەنگدانی ئازاد دایەبەڵام ئەوەی من دەمەوی لێرەدا باسی بكەم وە پەنجەی ئاماژەی بۆ ڕابكێشم ئایندەی ئەو ڕێككەوتنە بوو بەمەبەستی ئەم تەوافوقەی ئەم جارەیان لەم هەڵبژاردنەش تەوافوق جێبەجێنەكراو لایەنێك لە لایەنەكانی تەوافوقەكە وەكو ئەو پەندە كوردیە كە دەڵێ ((دەستی لایەنەكەی تری لەقۆرت نا)) بەگوێرەی ئەو قسانەی كەهەر دوایی پرۆسەی لەلایەنە دەست لە قۆرت نراوەكە دەبیسترا. باشە لەم مەملەكەتەی ئێمە تاكەی نەپرۆسەی دیموكراسی سەركەوتوو دەبی ونەتەوافوق وە ئیتفاق و نە شەراكەت، ئایا هۆكاریی چیەو بۆچی؟

ئەمە ئەم پرسیارەیە كە هەقە لەخۆمانی بكەین باشە ئێمە ڕازین بەپرۆسەی دیموكراتی و هەڵبژاردنی ئازاد لەبەر ئەوەی ئاستی هۆشیاری و قبوڵی دۆڕانمان هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستێك كە شایەنی باس بێت بەڵام باشە بۆ تەوافوق و شەراكەتمان بەڕاستگۆی و یەكتر قبوڵ نیە ئی خۆ دەبی لەكاتی تەوافوق بنەمایەك هەبی كە لایەنەكانی كۆكردبێتەوە تاوەكو تەوافوق بكەن و لەسەر ڕێگای ئەوەوە پەیامی خۆیان بگەیەننە جی.

ئەوەی لەم پرۆسەیە ڕوون بۆوە ئەوەیە كە نسبەتی بەیەكەوە ژیان و كاركردن و یەكتر قبوڵ كردن ڕێژەی سفرە، وە ڕێژەی یەكتر ڕەتكردنەوە 100% سەد لەسەدە، دیارە جیاوازی نێوان ئەم دوو تەوەرە زۆرە ئەمەش خۆی لەخۆیدا زەنگێكی زۆر ترسناكە بە گوێی ئێمەدا دەزرینگێتەوە كاتێك ئێمە خەڵكی وولاتێك بین خاڵی هاوبەشی كاركردن بەیەكەوە وون بوبی و هیچ خاڵێك نەبی كۆمان بكاتەوە نەلایەنە عەلمانیەكان لەگەڵ عەلمانیەكان و نە عەلمانیەكان لەگەڵ ئیسلامیەكان و نە مەعارەزە لەگەڵ دەسەڵاتی نە گەنج لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی.

ئایی چ نەهامەتیەكە بەسەر قەومی كورد هاتووە من زۆر جار وا بیردەكەمەوە ئەگەر ئەوە كۆتایی ئێمە بێت ئاخۆ چ ئایندەیەك چاوەڕێكا دەكات؟

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.